خامنەیی: هەر هەڕەشەکی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەگەڕێت بۆ ملمانێی ناوچەیی



عەلی خامنەیی، ڕابەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ یەکشەممە هۆشداریدا لەوەی هەر هەڕەشەکی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ملمانێی ناوچەیی.
ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی نیمچە فەرمی لە زاری خامنەییەوە باویکردووە، "ئگەر ئەمریکا هەرش بکاتە سەر وڵاتەکەمان، ئەوا دەگەڕێت بۆ ملمانێیەکی ناوچەیی".

خامنەیی ناڕازایەتییەکانی ئەم دواییەی ئاو وڵاتی بە "هۆی کودەتا" وەسف کرد کە پوچەڵکرایەوە و جەختی لەوەکردەوە کە ئامانجی نائارامییەکان تەکدانی دامەزراوە گرینگەکانی دەوڵەتە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانجی ناڕەزاییەکانی ئەم دواییانەی وڵاتەکەی وڕانکردنی ناوەندە هەستیار و کاریگەرەکانی ناو ئیدارەی ئێران بووە، "بڕیە هەرشیانکردەتە سەر بنکەکانی پۆلیس و باڵاخانە حکومییەکان و ناوەندەکانی سوپای پاسداران و بانکەکان".
خامنەیی هەروەها ڕونیکردەوە، خێپیشاندەران لە ئێران هەرشیان کردە سەر ئاو ناوەندانەی کە کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن، ئاوێش هاوشێوەی کودەتا بو، بەڵام توانرا کۆنتڕۆڵ بکرێت.

ئەو قسانەی خامنەیی لە کاتکدایە کە دەسەاتدارانی ئێران هەوڵ دەدەن کێنتڕۆڵی خەیان بەسەر دەخی ئەمنیدا دوپاتبکەنەوە دوای شکستکی ناڕەزایەتی کە چەند شارکی گرتەوە.